# کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان یەکەمین کۆبونەوەی فراوانی خۆی بەست



ڕۆژی 2006/5/24 و بەئامادەبوونی هاوڕێیان ئەمجەد غەفور سەرۆکی مەکتەب سیاسی حزبو محمد فەتاحی لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری-حکمەتیست، وەبەئامادەبوونی زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆبوونەوەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانو یوانی ژمارەیەك لەکادرانی حزب، یەکەمین کۆبونەوەی دامەزراندنی دەرەوەی نوێی خوی بەست.

سەرەتا کۆبونەوەکە ڕسمەیەتی دا بەو هاوڕێیانەی کە لەلایەن مەکتەب سیاسی حزبەوە دیاری کرابوون بۆ ئەندامێتی لەکۆمیتەی ڕابەری‌دا، کە لەم هاوڕێیانە پێك هاتبوو:

ئازاد ئەحمەد، سعید احمد، کاژاو جمال، کامەران لەتیف، پشتیوان کریم، زمناکۆ عزیز، کامەران حسێن، ئاشتی حسێن، حسێن صالح، خەسرەو سایە، ئازاد مجید، ڕەمەزان صابر، محمد عزیز، خالد کریم، علی قادر، قاسم هادی، سعید مستەفا، هاوبەش داود، یوسف قادر، مامۆستاعباس، بەشدار علی، ئەکرەم محمد، ڕێبوار عارف، ئاسۆ کمال، سامان کریم.

دەستوری باسەکانی کۆبونەوەکەش بریتی بوو لە: ئەولەویەتەکانی کاری کۆمیتە ڕابەری لەکوردستان، ئەوزاعی سیاسی ئێران و کاریگەریەکانی لەسەر کوردستان، بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر، مالیە، بڕیارەکان. باسی یەکەمی کۆبونەوەکە کە لەلایەن زمناکۆ عزیزەوە پێشکەش کرا بریتی بوو لە قسەوباس لەسەر ئەولەویەتەکانی ئەم دەورەیەی حزب لەکوردستان، کە وێڕای دووبارە سازدانەوەی کۆمیتەحزبیەکان و تەشکیلات، باسی ڕیفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستان وەك مەسەلەیەکی سەرەکی ئەم دەورەیە دانرا، وە کارمان لەناو ناڕەزایەتیەجەماوەرییەکانی خەڵکی کوردستان و چۆنێتی خۆتێکەڵ کردن و ئاڕاستەکردنی ئەو ناڕەزایەتیانە، قسەوباسی چڕوپڕی لەسەر کرا، وەلەسەر ڕۆشنایی باسەکان بڕیاردرا کە لیژنەی کارگێڕی کۆمیتە وەك پلاتفۆرمی ئەم دەورەیەی کاری حزب ئامادەی بکات، باسی دوەمیش لەلایەن محمد فەتاحیەوە پێشکەش کرا سەبارەت بە ئەوازعی ئێران و هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەو وڵاتەو ئایندەی ئەوازعێك کە لەئاکامی ئەو فەزا جەنگیەوە دێتە کایەوەو، کاریگەری ئەوزاعەکە لەسەر کوردستانی عێراق، وێڕای باسکردنی چەندین تەوەرەی تری پەیوەندیدار کۆبونەکە بڕیاری دا کە بە بەیاننامەیەك سیاسەتەکانی حزب و هەڵوێستمان لەسەر ئەو ئەوزاعە تازەیەو ئەرکەکانمان ڕۆشنبکرێتەوە.

سەبارەت بە بڵاکراوەی ئۆکتۆبەریش باسێك لەلایەن سعید ئەحمەدەوە پێشکەش کرا بۆ برەودان بەو بڵاوکراوەیەو کردنی بە جەریدەیەکی جەماوەری لەڕێگەی چەند ئیقداماتێکی عەمەلیەوە. کە کۆبونەوەکە بەبڕیارێکی خۆی تقدیری هەوڵ و کۆششی هاوڕێ سعید ئەحمەدی کرد لە ئەنجامدانی کارەکانی بڵاوکراوەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە.

سەبارەت بەمالیەی حزبیش لەکوردستان ئازاد ئەحمەد باسێکی کرد سەبارەت بەکێشە ماڵیەکان و ڕێگاکانی چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، کە لەمبارەیەوەش چەند پێشنیارێك خرانە بەردەست لیژنەی کارگێڕی کۆمیتەوە بۆ کارکردن و بڕیاردان لەسەری.

وەلەبەشی بریارەکانیشدا چەند بڕیارێك درا سەبارەت بە کاروبارو موازینی کارو ڕادیۆی حزب.

لەبەشی کۆتایی کۆبونەوەکەشدا ژمارەیەك هاوڕێ هەڵبژێردران وەك لیژنەی کارگێڕی کۆمیتە ڕابەری کەلەم هاوڕێیانە پێك هاتبوو: ئازاد ئەحمەد، ڕەمەزان سابیر، محمد عزیز، زمناکۆ عزیز، پشتیوان کریم، سعید احمد، کامەران لەتیف، کاژاو جمال، قاتسم هادی. وەهەریەك لە هاوڕێیان زمناکۆ عزیز وەك سکرتێری کۆمیتەی ڕابەری و کاژاو جمال وەك بەرپرسی مالیەی کۆمیتە ڕابەری هەڵبژێردان.

**کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**
2006/5/25